# سپاردنی ژنێك بە بیرچوونەوە

پاش بیرچوونەوە لە گێمەكانی تەنهایی دا

ژووان ئاوارە ـ كەوڵۆس

بۆ ( غەمگین كۆساری ) پێشكەشە

*********************************************************************

سەبووریم بەرەوە ئەی دەریـــا
سەبووریم بەرەوە ئەی تەنهاترین ناخودا
سەبووریم بەرەوە
سەبووری دانەوەی ژنێك،
تەنها گوناهێكی هەبوو،
پەنجەرەیەكی لە ( بێدەنگی ) خۆی كردەوەو،
ئێوارەیەكی لە ( وتن ) هێنایە ژووریَ !!
سەبووریم بەرەوە،
سەبووری،
سەبووری دانەوەی ژنێك
بە دڵێكی گەورەوە مەرحەبای لە ژیان كردوو
بە تووڕەیی مەخلوقێكی پێكراوەوە
بە بەختەوەری وت؛ ماڵئـــاوا !
سەبووریم بەرەوە،
سەبووری
سەبووری دانەوەی ژنێك،
باران حاشای لە پاكێتی كردووە،
ئەستێرەكـــان بە شەوێكی ناشیا
نەفرەتیان بۆ پۆستكرد !!
سەبووریم بەرەوە خودایە.
من ژنێكم،
بەجێماو لە قافڵەكانی خۆشنوودی،
تەریك بەزەمەنەكانی پێكگەیشتن .
من ژنێكم،
تاریكیەكانی دڵی خۆم فێریان كردم،
تەنهاییەكانم خۆشبویَ:
تەنهاییم فێری كردم،
بڕۆمەوە سەر ڕەنگی یەكەمین بێدەنگی و
تەقاندنەوەی یەكەمین لوغمی پرسیار !
ئای خودایە سەبووری
من ژنێكم

هەڵوەرین فێری کردم
نەفرەت بکەم لە سەوز بوونەوە..
تۆ پێم بڵێ ( غەمە ) گیان،
کێ ئەتوانێ ئەم هەموو تەنهاییانەم حەشرکاو
قیامەتی ئەم شکانەم هەڵگیرسێنێ ؟
تۆ پێم بڵێ هاورێ گیان،
جەنەت و سەقەری من
لە گیرفانی دڕاوی چ ئێوارەیەکدایە ؟
شەوی حەشرونەشری ئەم بێهودەییەی من کە
ئـــااای خودایە سەبووری،
دوای ئەوەی دەرگەکان داخران،
دوای ئەوەی پەنجەرەکان پێچرانەوە،
ئەگەر دەرگایەك بۆ کرانەوە
ماوە؛ بـکرێتەوە..
خودایە سەبووری
من ژنێکم
( ئاوێنەی سەیرم شکاوە )[1]
مەحاڵە بتوانم،
دڵی شکاوی ئەو هەمووە خەونانەم بدەمەوە،
پەیامی ئەو هەمووە ئێوارە پێکراوانەم
بگەیەنمەوە بیمارگای مێژوو..
مەحاڵە بتوانم،
بەدەم ژەنینی گیتاری غەمباریمەوە،
بە بەیانیەکی موراهیق بڵێم:
من ئەتوانم،
لەم لیتاوی ترۆبوونەدا،
ئەدگاری نیشتمانت بۆ کۆکەمەوە.
ئـــااای خودایە،
من ژنێك بووم،
بەیانی بەخشیمیە ئێوارەو
ئێوارەش بەخشیمیە تاریکیەکان،
تاریکیەکانیش بە تەنهایی،
تەنهاییش بە بیرچوونەوە !

[1] دێڕە شیعرێکی ( جەمال غەمبار)

---

* بە هەندێك دەستکارییەوە ( ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ)، لە پاشکۆی کوردستانی نوێ – 1/5/2003 وە نووسراوەتەوە.
ـ ماڵێك لە ئاسمان